

رەحمان حسێن زادە
– لە بۆکان لەدایك بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەوێدا تەواوکردووە.
– خوێندکاری ئەنیستۆتیۆی تەکنۆلۆژیای رەزازییە بووە، بەڵام بەهۆی شۆڕشی ئێرانەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات.
– ١٩٧٩ بەشداری شۆڕشی ئێرانی کردووە.
– ١٩٨٠ پەیوەندی بە کۆمەڵە کردووە.
– ١٩٨٤ هاتووەتە کوردستانی عێراق لەگەڵ کۆمەڵەدا.
– ١٩٩١ رۆشتووەتە وڵاتی سوید، حزبی کۆمۆنیستی کارگەری ئێرانیان دروستکردووە بەڕابەری مەنسور حیکمەت.
– ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری کۆمیتەی کوردستانی حیزبی حیکمەتیستە

# رەحمانی حسێن زادە

## سکرتێری کۆمیتەی کوردستانی حیزبی حیکمەتیست

# "نەوشیروان مستەفا دانی بەوەدانا کە کۆماری ئیسلامی زەختی لەسەریان هەبووە بۆ لێدانی کۆمۆنیستەکانی سلێمانی لە ساڵی(٢٠٠٠)دا"

**دیداری ئیسماعیل عوسمان**
**فۆتۆ: ئیسماعیل**

● رەحمان حسێن زادە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری کۆمیتەی کوردستان حیزبی حیکمەتیست بۆ گۆڤاری لڤین دەدوێت و باس لە گەلێك بابەتی هەستیار و پەیوەست بە حیزبەکە و کوردستان و ئێران و رۆڵی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەکات، سەرەتا دەربارەی حیزبەکەی کۆمۆنیستی ئێران وتی "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران یەکەمین هێزی چەپ بووە لە کوردستاندا ئەوەی بە رەسمی ناساند کەپێویستە ستەم و زوڵمی میللی لەسەر خەڵکی کوردستانی ئێران لابچێت و خەڵکی کوردستان مافیان هەیە کە ریفراندۆمێك بەرپا بکەن و داوای دەوڵەتی سەربەخۆ بکەن"

رەحمان حسێن زادە هەڵوێستی خۆی دەربارەی گوتاری یەکگرتوویی کوردی لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا بەم جۆرە دەربڕی " لە کوردستانی ئێراندا بزوتنەوە و ئەحزابی جیاواز هەیە بە چەپ و راستەوە، ئەمانە لەیەکتری جیاوازن ،

پێم وانییە بە خێرایی ئەو ئەزموونەی ئێرە، لەوێ دووبارە ببێتەوە، لێرە تەداخولاتی ئەمریکا هەبوو لە دوای ساڵی (١٩٩١)ەوە ناوچەی پارێزراو هەبووە، روخانی سەددام تەداخولاتی ئەمریکای زیاتر کرد، لێرە سیستەمێك هەیە رەنگە لە ئێران دووبارە نەبێتەوە"

دەربارەی تەداخولاتی ئەمریکا لە رەوتی گۆڕانکارییەکان لە کوردستانی رۆژهەڵات و ئێراندا حسێن زادە وتی " تەداخولاتی ئەمریکا لە کاروباری ئێران بە قازانجی خەڵکی ناوچەکە نییە، ئەگەر تەدەخول بکات، ئەو لایەنانە بەهێز دەکات کە نزیکن لە خۆی (قەومی و ئیسلامییەکان) ئەمەش بە قازانجی خەڵکی ناشکێتەوە. هەرچەندە ئەمریکا ئەو هێزەی نەماوە کە تەدەخول بکات، بەهۆی ئەو شکستە نیزامییەی لە عێراقدا تووشی هاتووە. هەر پێش چەند ساڵێك ئومێدی تەدەخولی ئەمریکا زۆر بوو، بەڵام ئێستا بە رەسمی ئەمریکا داوای دانیشتنی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیداکردووە بۆئەوەی لە رێگای گفتوگۆ رێك بکەون و سازش بکەن"دەربارەی سەردانی موهتەدی و هیجری بۆ ئەمریکاو پێشوازیکردنیان لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە، وتی " عەبدوڵڵای موهتەدی و مستەفای هیجری کە سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایان کردووە، هەڵەیان کردووە، بەدوای سیناریۆیەك کەوتوون قازانج وبەرژەوەندی خەڵك ناپارێزێت. هەر ئەوانیش لە کوردستانی ئێران ئەو قسانە دەکەن، بەڵام بەشێکی زۆری چەپەکانی ئێران و کۆمەڵە و ئێمە دژی تەدەخولی ئەمریکاین، هەرچەندە ئەوان ئەم کارە بە بەرژەوەندی حیزبەکەی خۆیان دەزانن"

رەحمان حسێن زادە سەبارەت بە کێشەی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات بەمجۆرە بۆ گۆڤاری لڤین دوا " کۆماری ئیسلامی و رژێمی پێشوو زوڵمێکی زۆریان لە کورد کردووە، دەبێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، دەبێت ریفراندۆم بکرێت بۆئەوەی بزانرێ خەڵکی جیابوونەوەی دەوێت یاخود دەیەوێت لەگەڵ رژێم بژێت. ئێمە فیدراڵی و ئۆتۆنۆمی بە رێگا چارە نازانین بۆکێشەی کورد، کورد دەبێت دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبێت یان مافێکی بەرامبەری تەواو مرۆڤەکان بوونی هەبێت، ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی کێشەکە قورستر دەکەن ئەو حیزبانەی کە دوای فیدراڵیەت کەوتوون وەك حیزبی دیموکرات و زەحمەتکێشان لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکادا خۆیان جووتکردووە، جاران داوای ئەوەیان نەدەکرد بەرنامە و پرۆگرامی ئەوان بە قازانجی خەڵك نییە و لە دژی مافی خەڵکی کوردستانە، هەوڵیانە ئەمریکا تەداخولی کێشەی نێوانیان بکات و بەشداری نیزامی هەبێت، بنەمای ستەمی کورد لە ئێراندا بە پلە دوو سەیرکردنیەتی، فیدراڵیەت ئەو پلە دووییە لەناو نابات"

رووداوی لێدانی کۆمۆنیستەکانی کوردستانی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٠)دا لەلایەن (ی.ن.ك) لە روانینی سکرتێری کۆمیتەی کوردستانی حزبی حیکمەتیست بەمشێوەیەیە " ئەو روداوە بۆ کێشمە کێشمی نێوان یەکێتی و حزبی کۆمۆنیستی کارگەری عێراق دەگەڕێتەوە، ئێمە ئەو کاتە پەیوەنیمان پێیانەوە هەبوو، یەکێتی ئەوکاتە هەڵەی کرد، کۆماری ئیسلامی پێی خۆش بوو کە هەڵسوڕاوە کۆمۆنیستەکان بەوشێوەیان لێبێت، نەوشیروان مستەفا ئەوەی راگەیاند کە کۆماری ئیسلامی زەختی لەسەریان هەبووە، بۆیە لێیانداین، ئەو رووداوە هەموو بەرەی یەکێتی لێی بەرپرسە نەك کەسێك بە تەنها"

دەربارەی پەیوەندی حیزبەکەی و هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری باشوری کوردستان حسێن زادە وتی " ئێستا هیچ پەیوەندییەکی رەسمیمان لەگەڵ پارتی و یەکێتی بەرقەرار نەبووە، بە رەسمیش پارەمان لەو حیزبانە وەرنەگرتووە، ئێمە کار و چالاکیمان روبەڕووی ئێرانە نامانەوێت تەداخولی کوردستان بکەین، ئێمە هاتووینەتەوە بۆئەوەی پەیوەندی لەگەڵ کوردستانی ئێراندا بەرینە پێشەوە"

بەرەی یەکگرتووی نێوان چەپەکانی ئێران و پاشەڕۆژی ئێران لە جیهانبینی حسێن زادە و حیزبەکەیدا بەم شێوەیەیە " لەناو حیزبە چەپەکاندا بەرە لە ئارادا نییە، تەنها لەلایەن سازمانی زەحمەتکێشان و عەبدوڵڵای موهتەدییەوە نەبێت، بەڵام ئەوان چەپ نین، و حیزبی دیموکرات تا ئێستا پشتیوانی زۆری لەو پێشنیارەی ئەوان نەکردووە، ئێمە و حیزبی ئیبراهیمی عەلی زادە گەلاڵەی بەرەی یەکگرتوومان نەکردووە، ئەمرۆ خەتەرێکی گەورە هەیە ئەو سیناریۆیەی لە عێراق و ئەفغانستان روویدا لە ئێران دووبارە ببێتەوە، ئێمە ترسمان لە دوا رۆژێکە کە تووشی ئێران دەبێت، ئێمە ئەمریکا بە ئیمپریالیزم سەیر ناکەین، ئێستا بۆ روخانی کۆماری ئیسلامی بزوتنەوەی ئازادیخواز و رادیکاڵانە هەیە، لایەنگری ئەوەین کە خەڵکی ئێران بە ئیرادەی خۆی کۆماری ئیسلامی لەناو ببات، تەدەخولی ئەمریکا وادەکات هێزە راستڕەوەکان دەسەڵات بگرنە دەست، هەربەشێك لە ئێران دارودەستەی ئیسلامی و قەومی بیکات بە موڵکی خۆی و دواتر شەڕو شۆڕێکی بێ پایان لە ئێران دا دروست بێت"

گۆڕانی دەسەڵاتی خاتەمی و هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد چ رۆڵێکی گێڕاوە لە بەردەم چالاکی کۆمۆنیستەکانی ئێران و رەوتی کۆمۆنیستی لەو وڵاتەدا، رەحمان حسێن زادە لەسەر ئەم تەوەرەیە بەمجۆرە دوا " لە دەورانی ئەحمەدی نەژاددا زۆر شت سنوردار کرا، بەڵام چەند جموجوڵێك لەناو زانکۆکان و کۆمەڵگای ئێرانیدا هەیە، ئەو جموجوڵانە بێ پەیوەندی نین لەگەڵ حیزبە سیاسییەکاندا بە راست و چەپەوە، مۆرکی ئازادیخوازانەیان هەیە و ئێمە پەیوەندییمان پێیانەوە هەیە، لەناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دوو باڵ هەیە، باڵێکیان خۆیان بە چەپ دەزانن و پێداگیری دەکات و لەسەر حیزبی کۆمۆنیست، باڵێکیان ئەوەیە کە دەڵێن کۆمەڵەین و لە کوردستاندا دەمێنن، هەڵوێستمان وایە کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەك حیزب بوونی نەماوە، شتێکی زۆر موسیبەت بوو، تەمەنی حیزبی کۆمۆنیست

تەواو بووە، چوونە ناو حیزبی کۆمۆنیستی کارگەرەوە لەو سەردەمەدا سیاسەتی دروست ئەوە بوو، ئەو کەسانەی خۆیان بە چەپ و رادیکاڵ دەزانن بێنە ناو کۆمەڵەوە کاربکەن، ئەوەی ماوە زۆرتر کۆمەڵەیە ئێستا لەناو ئەو حیزبەدا رەوتێکی راستی ناسیۆنالیست سەری هەڵداوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کەحیزبی کۆمۆنیست واقیعی نییە، لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نین، چونکە بۆچوونێکی راست و ناسیۆنالیستانەیە، سیاسەتی ژیرانە ئەوەیە کە کۆمەڵە کۆمۆنیستانە کاربکات"

کاریزما و رەمزە نەتەوەییەکان لە ئەدەبیاتی حیزبی حیکمەتیستدا چۆن سەیر دەکرێت، سەرۆکی کۆمیتەی کوردستانی حیکمەتیست بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە " کاریزما بەدەست ئێمە نییە و زۆرێك لە رابەرانی سیاسیی ئەو کاریزمایەیان هەیە، مەنسوری حیکمەت بە دۆست و دوژمنەکانییەوە وەك رابەرێکی سیاسیی گەورە تەماشای دەکەن کەماوەی (٢٥) ساڵ کاری فیکری و سیاسیی کردووە، جێگایەکی هەیە لە بزوتنەوەی ئێراندا. هەر بزوتنەوەیەکی سیاسیی کۆمەڵێك رابەری پیرۆزی خۆی هەیە، شێخ مەحمود و زۆرێك لە کەسانی ناو بزوتنەوەی کوردی جێگای رێزی میللەتن، ئێمە قسەمان لەسەر بۆچوونیان هەیە نەك لەسەر کەسایەتییان و زۆرێك لە کەسانی ناو بزوتنەوەی کوردی جێگای رێزی میللەتن"

سەبارەت بە هەڵوێستی حیزبی حیکمەتیست دەربارەی گفتوگۆکانی ئێران و ئەمریکا و بەرەی یەکگرتووی کورد رەحمان حسێن زادە دەڵێت " ئەحمەدی نەژاد دژی مرۆڤە، پرۆژەی ئێمە گرێی نەخواردووە لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا، ئەگەر هەلومەرج بێتە پێشەوە ئێمە خەبات دەکەین بۆ روخانی کۆماری ئیسلامی و ئەحمەدی نەژاد درێژەی دەبێت، بەهائەدین ئەدەب و جەلالی جەلالی زادە لە پێناوی بەرژەوەندی خەڵکی ئێراندا نین، بەهائەدین ئەدەب فایلێکی گەورەی لەگەڵ دژایەتی و قازانجی خەڵکی کوردستانی ئێراندا هەیە، گەر ئازادی هەبێت، دەبێت ببرێتە دادگا و وەڵامی ئەوە بداتەوە کەچی دژی خەڵکی ئێران کردووە؟ ئەو و دەست و پێوەندەکانی دەستێکیان لەناو جمهوری ئیسلامیدایە و ئەگەری ئەوەشی هەیە دەستێکیان راکێشابێت بۆناو حیزبی دیموکرات، هیوادارم ئەم حیزبە بواری ئەوەی پێنەدابێت، کەسانێك هەن رۆژانێك نوێنەری جمهوری ئیسلامی بوون نابێت هیچ حیزبێکی سیاسی لە داهاتوودا ببێتە پەناگەیان، چونکە دەستیان لەگەڵ ئەو رژێمەدا هەبووە، خۆیان نەجات بدەن و پەروەندە بۆخۆیان دروست بکەن، خەڵکی سنە هەقیانە بەهادین ئەدەب بەرنە دادگا و بزانن چۆن دەستی لەگەڵ رژێمی ئێراندا هەبووە"

## "بەهادینی ئەدەب و جەلالی جەلال زادە دەستێکیان لەناو کۆماری ئیسلامی و دەستێکیشیان لەناو حیزبی دیموکراتدایە"

